# هەندرێن حەمەدەمین گاوان

خاوەنی کتێبی مەگێرانی، کە کۆمەڵە شعرێکی تەڕ و ناسك و پڕ هزر و دیتن و ڕووانینمان ئەداتێ بۆ کۆمەڵێ چەمکی وەك تەنیایی و دووری و خۆشەویستی و غوربەت و سەفەر و وڵات و ژن و چیرۆکەکانی پیاوێك لە سەردەمی جیاجیادا.خوێندنەوەی ئەو کتێبە ئەکرێ لە چەند لایەکەوە بکرێت کە لێرەدا هەوڵ ئەدەین بتوانین خوێندنەوەیەکی بۆ بکەین بێ ئەوەی داوای ئەوەش بکەین کە خوێندنەوەکەمان خوێندنەوەیەکی یەقینی بێت و دوای ئەو خوێندنەوەیە ئەم کۆمەڵە شعرە خوێندنەوەی دیکە بە خۆیەوە هەڵنەگرێت.

ناونیشانی کتێبەکە : ( مەگێرانی )

دیارە ناونیشان بایەخێکی تایبەتی ستاتیکی و هزری هەیە بۆ کتێب ، زۆر جار ناونیشان وەك دەرگەی بەرهەم وایە کە خوێنەر تیایدا و بەرێی ناونیشانەوە ئەتوانێت بیرێکی سەرەتایی لەسەر کارەکە وەربگرێت، زۆر جاریش ناونیشان ئەبێتە هەڵگری یان کورتکراوەی ئەو بیرۆکانەی شاعر لە ناو بەرهەمەکانیدا پێشبەرییان ئەکات، زۆر جاریش ناونیشان ئەبینین لە چەند وشەیەکی وەها پێکدێت کە ئەتوانن پێکەوە رستەیەك دروست بکەن و مانایەکی تەواومان پێ ببەخشن، یان ماناکانی ناو بەرهەمە شعرییەکانمان بۆ کورت بکەنەوەو لە دەستەواژەیەکدا چەندین مانامان بدەنێ.

لێرەدا من بە پێویستی ئەزانم کە بڵێم بە بڕوای من ناونیشان ئاوا ستاتیکی تر ئەبێت کە بتوانێت وێنەیەکی نوێی شعری بداتە خوێنەر، واتە ناونیشان بگاتە ئەو ئاستەی کە پرسیار بکات و خوێنەر عەودالی ماهییەتی بێت و خاوەن جوانی و ستاتیکایەکی شعری بێت و چێژ بەخشیش بێت، واتە ناوێك بێت کە بتوانێت یەکسەر پرسیار لەلای خوێنەر دروست بکات و لە جیاتی مانایەك بتوانێت چەندین مانا پەخش بکات. ناونیشانی زیرەك ئەو ناو و دەستەواژانەن کە ئەتوانن خوێنەر سەرسام بکەن و پرسیاری لە لا دروست بکەن و وای لێبکات کە یەکسەر بکەوێتە کرداری گەڕان و سوڕان بەدووی مانا یان مانا جۆراوجۆرەکانی ناوەکەدا.

دیارە مەگێرانی یەکێکە لەوناوانەی کە ئەتوانێت پرسیاری ئەوە دروست بکات کا مەگێرانی وەك ناوێك مانای چیە، واتە یەکەم جار مانا فەرهەنگییەکەی دوای ئەوەش دوای مانا فەرهەنگییەکەی ئەوا ئەتوانێت پرسیار لەسەر مانا مەجازییەکانیشی بکات، ئەگەر ئێمە بزانین مەگێرانی ئەو داواکارییانەن کە ژنان لە کاتی ئاوسیدا ئەیکەن و حەزیان ئەچێتە شتێکی تایبەت وەك ئەوەی گەلێ جار ژنان حەزیان لە شتی ترشە ، یان لە شتی شیرین ، ئەوە داوای ئەو شتانە پێی ئەڵێن مەگێرانی واتە ژنەکە مەگێرانی شتێك ئەکات.

ئەوە مانا فەرهەنگییەکەی ناوەکەیە، بەڵام ئایا هەندرێنی شاعیر ئەیەوێ لەرێی ئەم وشەیەوە چ مانایەك بە ئێمەی خوێنەر بگەیەنێ.؟

ئایا ئەیوێ پێمان بڵێت کە ئەویش مەگێرانی شتێك یان چەند شتێك ئەکات. یان ئەیەوێ بڵێت هەموو مرۆڤەکان مەگێرانی شت ئەکەن؟ یان ئەیەوێ باس لە مەگێرانی مرۆڤەکان بە گشتی بکات و باس لە حەز ومەراقەکانی مرۆڤ بکات و سەفەرێك بەناو ئەو بابەت و خولیایانە بکات کە مرۆڤ ئەیانکات و لەوێشەوە باسی ژیان و دونیا و هەبوونی

مرۆڤەکان بکات لە ڕێی ئەو شەوق و مەراقانەی لە دڵ و ڕوح و دەماغیاندا هەیە و دواییش باس لەوە بکات کا ژیان چەند میهرەبانە و چەندێك لەو مەگێرانیانەی مرۆڤەکان ئەبەخشێت و چەندێکیش نابەخشێت؟

دیارە ئەوپرسیارانە شیمانە و گریمانەن و ڕەنگە هەندرێن خۆیشی مەبەستی بێت ئەو پرسیارانە لە ڕێی ناونیشانەوە بکات و ڕەنگیشە مەبەستی نەبێت. بەڵام شعری نوێ و ناونیشانی ستاتیکی ئەوەیە کە بتوانێت چەندین مانای جیاواز و وێکچوو لە خۆیەوە هەڵبگرێت و بکرێت لەگەل نووسەر هەم یەکبگرێتەوە هەم دژ بێت، باشترین ناونیشان و تێکستیش بە بڕوای من ئەوەن کە بتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر و درێژ لە ماناکانی شاعیر دەرکەونەوەو و تەنانەت شاعر لە ناو بەرهەمەکەدا ببێتە شەبەح و شوێنەورای نەمێنێ و ئەو ئێمە را پێی ماناکانی خۆی نەکات، بەڵکو ئێمە بە خۆمان بتوانین ماناکانی خۆمان لەناو تێکستەکاندا دەست نیشان بکەین، نەوەك شاعیر دکتاتۆرانە پێمان بڵێ ئەوەیە مانای حەرف و شعر و ناوەکانی من.

شعری نوێ ئەو ئازادییە کە خوێنەر لەناو تێکستدا بەرهەمی ئەهێنێت و ماناکانی خۆی لەبەرهەمەکدەدا بەرهەم ئهێنێ ، ئەگەر نا ناکرێت ئێمە تەنیا لەگەل مانکانی شاعردا خوێندنەوە بکەین و کوێ بابەت و شتەکان لە ڕوانینی شاعرەوە وەرگرین و هیٚ بەشدارییەکی کاریگەر لە دەقی شعرەکان و ناوەکاندا نەکەین. ئەو دەقانەی کە مەودا نادەن ئێمەش لە گەڵیاندا بفڕین و ماناکانی خۆمانی تێدا ببینەوە، دەقی یەك ڕەهەندی و یەقینین، کە تەنیا مانایەکمان ئەدەنێ و ئازادیمان نابێت لە خەلقکردنی مانای دیکە. کە ئەوەش مانای مردنی مانا و مردنی دەق و ناوەکانە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە مەگێرانی یەکێکە لەو ناوانەی ئەکرێت هەر یەك لە ئێمە خوێندنەوەیەکی جیای بۆ بکەین و چەندین مانای جیاوازیشی بدەینە پاڵ بەگوێرەی ئەو خوێندنەوە تایبەتییەی کە ئێمە بۆ مانای فەرهەنگی وشەکە و مانا مەجازیەکانی وشەکە ئەتوانین بەرهەمی بهێنین.

**ماناکانی هەندرێن و ماناکانی من:**

دیارە هەندرێن یەکێکە لەو شاعیرە نوێخوازانەی کە شعرەکانی ئەم بەرهەمەی ئەگەڕێنەوە بۆ دوای سەرهەڵدانی 1991، نوێخوازی بەو مانایە نە ، کە تەنیا لە رووی زەمەنییەوە شعرەکانی ئەکەونە نێوان ساڵانی 1996 تا 2001 ، بەو مانایەش نە کە توانیویەتی خۆی لە بیناتە تەقلیدییەکانی دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرباز بکات، بەڵکو بەو مانایەی شعرەکانی هەندرێن پڕن لە مانای نوێ، چ ئەو مانایانەی خۆی وەك خوێنەرێك نەوەك نووسەری شعرەکان مەبەستییەتی و چ وەك ئەو مانایانەی من وەك خوێنەر و نووسەری شعرەکە بەرهەمیان دێنم، واتە یەکێك لە خەسڵەتە نوێخوازییەکانی هەندرێن لە شعرەکانیدا ئەوەیە کە ئەتوانێ خۆی لە گەڵ خوێنەردا جێگۆرکێ پێ بکات ئەتوانێ خۆی ببێتەوە بە خوێنەر بۆ شعرەکانی و ئەشتوانێ ئەو مەودایە بداتە خوێنەر وەك نووسەرێك بەشداری بکات لە بەرهەمهێنانی مانای تایبەت بە تێکستەکانی.

دیسانەوەش با بڵێم بەرهەمهێنانەوەی مانا بەو مانا سادەیە نا .. کە تێکستەکانی فرە ڕەهەندن و ئەتوانن مانای جۆراو جۆر ببەخشن، یان مانای جیا لە ماناکانی هەندرێن بە خوێنەر بدەن.

نەخێر من پێموایە نوێخوازی هەندرێن لەوەدایە کە ئەو بەرهەمێکی وای داهێناوە کە ئەو خۆیشی ئەتوانێ ببێتەوە بە خوێنەری بەرهەمەکانی نەوەك تەنیا بەمانایەك لە ماناکانی تێکستەکە رازی بێت، واتە تێکستەکانی ئەوەنین کە ئەو وەك نووسەرێك هەمووماناکانییان بزانێت و بزانێت بۆچ ئەو حەرف و ئەو نوقتە و ئەو فاریزەیە و ئەو خەت

وسێگۆشەیەی داناوە. پێموایە زۆر مانای شاراوە لە ناو تێکستەکاندا هەن هەندرێن خۆیشی مانای تەواویان نازانێت و ناچارە وەك خوێنەرێك تەماشای تێکستەکانی بکات و بەدوای مانادا بگەڕێت.

من پێموایە یەکێك لە خەسڵەتەکانی شعری نوێ ئەوەیە کە دەق ئەوەندە ئازاد بێت و سەودایەکی ئەوەندە روحییانە بێت لە گەل چەمك و بابەتەکاندا کە شاعیر خۆیشی نەتوانێت کۆنترۆلی حەرف و وشە و زمان بکات، کۆنترۆلی مانا و ئاماژە و بەخشینەکانی تێکست بکات، نەتوانێت مانایەکی زۆر دیار و راشکاوانە بە دێرەکانی بدات.

واتە پەیوەندی نێوان شاعر و شعر پەیوەندییەك بێت زیاتر روحییانە بێت، نەوەك دینی یان سیاسی یان هزری یان سۆزداری یان کۆمەڵایەتی یان هەر بابەتێکی دیکە کە ئەتوانێت شعر بکاتە ئەو بابەتە،

واتە من مەبەستم نیە ئەوە بڵێم کە دەقێك ئەتوانێت خوێندنەوەیەکی سیاسی و هزری و دینی و کۆمەڵایەتیمان پێشکەش بکات ، بەڵکو دەق ئەتوانێت مانای بێ کۆتاییمان پێ ببەخشێت بێ ئەوەی شاعر وەك دکتاتۆرێکی بچووك مانایەك یان چەند مانایەك یان چەند خوێندنەوەیەکی جۆراوجۆرمان بداتێ.

خوێندنەوەی جۆراوجۆر لای خوێنەرە جۆراوجۆرەکاندا بەس نیە بۆ ئەوەی شعر و شاعرێك بکاتە نوێخواز، بەڵکو تەماسی روحییانەی شاعر بۆ چەمك و بابەتەکانی ژیان وەهەبوون و دواییش تێکستەکە ئەو توانایەی هەبێت ئەو تەماسە رۆحییە لە ناو خۆیدا هەڵگرێت و ئەو ساتانە بگرێت کە تیادا روحی شاعر لە ناو چەمك و بابەتەکاندا بدرەوشێتەوە.

پێشم وایە چەکێك کە بەدەست شاعیر بێت بۆ پێکهێنانی ئەم هاوکێشەیە بە پلەی یەکەم روحی شاعیر خۆیەتی، یان راستتر بڵێم روحی شاعیرانەی شاعیر خۆیەتی،

هەندرێنیش یەکێکە لەو شاعرانەی بە روحییەتی شعرەوە ئەنووسێ، واتە شاعیرانە شعر ئەنووسێ نەوەك سیاسییانە یان فەیلەسوفانە یان هزریارانە یان کۆمەڵناسییانە یان دەروونزانییانە یان و یان هتد....

لێرەدا رەنگە پێویست بێت بەشێوەیەکی رونتر باس لە شعرییەت بکەین.

**شعرییەت و مانا**

رەنگە یەکێك لە کێشەکانی شعر و شعرییەت ئەوەیە کە زۆر کەس پێی وایە شعر ڤالایە لە هزر، بەڵام ئێمە با بپرسین شعرییەت چیە..؟ و پەیوەندی نێوان شعر و مانا چیە؟

ئایا شعرییەت ڤالایە لە بیر..؟

با بە نمونەیەکی سادەوە دەست پێبکەین، زۆر جاران کە مرۆڤ لە کەشێکی خۆش و نەشئە بەخش و ئازاد دایە، ئەڵێ کەشوهەواکە شاعری بوو..!! دیارە ئەم شاعرییوونە پەیوەندی بە شعر نووسین یان خوێندنەوە نیە لەو کاتەدا. کە مرۆڤەکە تیایدا سەربەست و ئازاد و دڵخۆشە. دیارە لێرەدا شاعرییوون بەمانای ئەوەدێت کە پەیوندی مرۆڤەکان و چەمك و بابەتەکان پەیوەندییەکە تژی مرۆڤایەتی و جوانی و ستاتیکا و ئارامی و خۆشی و چێژ و تەناهی و دڵنیابوون و ئارامگرتن. واتە مرۆڤ لە ساتێکدا تەبابیە لەگەل دونیا و ژیاندا. مرۆڤ لە بەرامبەر چەمك و بابەتەکانی دونیادا مانای جوان و خۆش و چێژبەخشی بەرهەمهێناوە.

باشە ئەو مانا خۆش و چێژ بەخشانە چۆن بەرهەم ئەهێنرێن..؟

دیارە بۆ هەر پەیوەندییەکی مرۆڤایەتی مانا پێویستە، مانایەك لە نێوان مرۆڤ و بابەتەکاندا، جا هەر بابەتێك بێت، هەتابابەتێکی بێ ماناش بێت، بێ مانابوونیش لەو حاڵەتەدا مانایە لەو ساتەدا. ئەو مانایەش بەرێی پەیوەندییەوە دروست ئەبێت، پەیوەندیش لە رێی هەست و بیرەکانی مرۆڤەوە، هەروەها نابێت ئێمە لایەنی روحیش

له یاد بکەین، چونکە هزر و هەست و روح پێکەوە سیستەمێکی هزری بۆ مرۆڤ ئەخولقێنن، و مرۆڤ بەو سیستەمەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەر و بابەتەکانی بەرامبەری دیار ئەکات و ماناو ناسنامەیان پێ ئەبەخشێت.

رەنگە ئێمە بزانین کە هزر و هەست یەکسەر ئەتوانن مانایان دروست کەن و بماندەنێ، بۆ نموونە مرۆڤێك کارێك ئەنجام ئەدات و ئەزانێت کا ئەو کارە باشە یان خراپ،؟ یان کە شتێك ئەگرین ئەزانین کا ساردە یان گەرم ،ن خۆشە یان نەخۆش ..بۆ نموونە؟

هزر و هەست زوو مانامان پێ ئەبەخشن، مانای دیار و ئاشکرا، بەڵام رەنگە شعرییەت تا رادەیەك جودا بێت، رەنگە ئەو هزری باش و خراپ یان هەستی خۆش و نەخۆشمان بداتێ، بەڵام زوو بە زوو مانای ئەو هەستانە نزانین. واتە ( باشی و خراپی .. خۆشی و نەخۆشی ) وەك دوو بابەتی بەرەنگار زەحمەتە لە شعرییەتدا بتوانن خۆیان بکەنە بەرهەم. لە شعرییەتدا ئەو مەسافەیەی لە نێوان باش و خراپیدا .. خۆشی و نەخۆشیدا هەیە، پتر و پتر فراوان ئەبێت وئەبێتە زەوییەکی تاریك و پێویست بە لێگەڕانی مرۆڤ ، لەو مەسافەیەدا مانا بە ئاسانی نادۆزرێنەوە و ئاشکرا ناکرێن.

واتە شعرییەت ئەگەر نەتوانێت زوو بە زوو مانایان بدۆزێتەوە و بەرهەمیان بێنێت، هۆیەکەی ئەوەیە ئەو لەو مەسافەیەدا هاتوچۆ ئەکات و ئەگەڕێت. ئەو مەسافەیەش بەردەوام پڕ ئەبێت لە سحر و نهێنی و سەراب.

مرۆڤ بەردەوام تیایدا ئەگەڕێت و هەر مانایەکیش ببینێتەوە ئەبێتە سەراب و نابێتە هەقیقەتێکی رەها.

واتە شعرییەت دژی ستراتیژی ( قسە هەزارە و دووانی بەکارە ) کار ئەکات. لەلای شعرییتەوە هەموو قسەکان بەکارن و ئەتوانن خۆیان نمایش بکەن.

شعرییەت مانایەکی کۆتایی بەرهەم ناهێنێت. تا بۆ ئێمە قەناعەتێك لەسەر بابەتێك دروست بکات. دیارە شعرییەت ئەتوانێت ( هەزار قسە ) دروست بکات. شعرییەت هزر و هەستێکی بەردەوامە کە لە ئاست چ مانا و هەقیقەتان راناوەستێت و بەردەوام ئەگەڕێت. واتە شعرییەت هزری بەردەوامی مرۆڤە.

بەڵام ئایا لە نێوان هزر و روحدا لێرەدا چ پەیوەندییەك هەیە..؟

دیارە هزر ڤەڕێژی هەستەکانی مرۆڤە. هەروەها سۆزەکانیش دیسان دوای دیتن و بیستن و تامکردن و بۆنکردن و دەستلێداندا پەیدا ئەبن و مرۆڤ درکیان پێ ئەکات، کاتێك مرۆڤ نەیتوانی ببێتە خاوەن قەناعەتێکی بێ گومان و نهێنی هەموو شتەکانی بۆ ئاشکرا نەبێت، و نەیتوانی پەیوەندی خۆی لە گەڵ هەموو شتەکان دروست کات، لێرەدا ئەومەسافەیە دەست پێئەکات، ئەو ماوەیەی لە نێوان جەمسەرەکانی جووتە بەرەنگارەکانە، لە نێوان خۆشی و نەخۆشیدایە، لە نێوان باشی و خراپیدایە، لێرەدا کە مرۆڤ ناتوانێت مانایە هەقیقییەکان دەست نیشان بکات، وەڵامی یەقینی پەیدا بکات، روح لێرەدا .. بنکەی پرسیار دروست کردنە، کە بەردەوام هزر و هەستان چالاك ئەکات تا زیاتر بیر بەرهەم بێنێت و مانای نوێ پەیدا بکات، وەڵامی نوێتر پێشبەر بکات و دیسانیش گومانی تر و گەڕانی دیکە داوا ئەکات، واتە روح کە سەرچاوەی ئەو گەڕان و سوڕانەیە. ماوەی نێوان هەقیقەت و گومانە، نێوان نهێنی و ئاشکراکردنە، ماوەی نێوان پرسیار و وەڵامە، پەیوەندی بە بیرەوە ئەوەیە کە بەردەوام داوا ئەکات هزر وەك چالاکییەکی مرۆڤایەتی بەردەوام خۆی نوێ و نوێتر بکاتەوە و لە هێ ئاستێکی مەبەستگەرایی و ماناداریيدا نەوەستێت، و بەردەوام ماناکان نەفی بکاتەوە.

واتە شعرییەت بەردەوام مانا دروست ئەکات و تەجاوزیشیان ئەکات، مەسافەیەکی بێ کۆتاییە لە نێوان بابەتە هاودژەکان و جووتە بەرەنگارەکان و تێکشکاندنی ئەو سیستەمە هزریانەیە کە بەردەوام بەرەو جەمسەرێکی هاودژەکان غار ئەدەن و لەسەر مانایەك ئەوەستن وەك چۆن دین و سیاسەت و فەلسەفە و زانست وا ئەکەن.

واتە کایەکانی دیکە چەند لە شعرییەت دووربن ئەوەندەش لە هەقیقەت و یەقینەکان نزیکن، و شعریش وەك کایەیەکی هزری و روحی، هەردەم دوورە ل هەقیقەت و یەقینان، شعرییەت چ جاران مانای دیار و ئاشکرا بەرهەم ناهێنێت وخۆی ناداتە دەست هێ هەقیقەتێك.

بەو واتەیە، شعر پێویستە تژی شعرییەت بێت، تا بتوانێ دونیا پری شعرییەت و جوانکاری و سەفەر و گەڕانی هزری و فڕینی سۆزەکان بکات.

لێرەدا شعر جودایە لە کایەکانی دی، چونکە نە دین و نە سیاسەت، نەیانتوانی دونیا ختمی شعرییەت بکەن، بەڵام شعری هاوچەرخ خەریکە ئەو کارە ئەنجام ئەدات.

لێرەدا دیارە ئێمە لە هەندرێن دوورکەوتینەوە، بەڵام ئەبوایە ئەو باسە روون کەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین دوایی باس لەوە بکەین کە هەندرێن یەکێکە لەو شاعیرە کەمانەی کە توانیویانە لە بن دەسەڵاتی مانا دەربچن و بتوانن شعر بکەن بە شعرییەت نەوەك شتێکی دیکە، کە دیاریشە ئەمە یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانی نوێخوازی لە شعری کوردیدا و کە بەدەیان ناوی گەورە لە گۆڕەپانی شعری کوردیدا وەك نوێخواز ئەناسرێن و تەماشا ئەکرێن بەڵام دیسانەوەش شعرەکانیان تا سەر ئێسقان پڕن لەمانای سیاسی و دینی و هزری و فەلسەفی و کەمبەشن یان بێ بەشن لەو ئازادییەی کە لە دەرچوون لە بن دەسەڵاتی ماناکان بەرهەم دێت.

دیارە من لێرەدا قسەم لەسەر هەندرێنە و لەسەر شاعیرەکانی دیکە نیە بۆیە باشتر وایە بگەڕێمەوە لای هەندرێن.

**هەندرێن و دەرچوون لە دەسەڵاتی مانا :**

دیارە من ئەمەویست ئەوە بڵێم کە هەندرێن نوێخوازییەکەی لەوەیە کە ئەو وەك مرۆڤێك خاوەن سیستەمێکی بیرکردنەوەی نوێیە، بیرکردنەوەیەك ئازاد لە بنەما دینی و سیاسی و هزری و فەلسەفی و زانستی کە وەڵامی یەقینی بداتە مرۆڤ. ئەگەر وا نەبوایە نەمانئەتوانی بە نوێخواز لە قەڵەمی بدەین.

لە شعری ئاسماندا هەندرێن ئەڵێ:

( ئەوەی مێشی خۆشویست
روحی گوڵە )

رەنگە لەم دێرەدا ئێمە هەست بەوە ئەکەین بەرامبەر وێنەیەکی شعری نوێدا ین، نوێ وەك خوێندنەوەی ڤەڕێژێك بۆ هزرێك بەرامبەر بە وەزیفە سروشتی و بایۆلۆژییەکانی زیندەور و روحی مرۆڤ، دیارە لێرە من ناتوانم ئەو وێنەیە بیمەوە سەر بنەمایەکی دینی یان سیاسی یان فەلسەفیش، ئەگەر چی بۆ یەکە مجار وامان دێتە پێش چاو کە رەنگە ئەم دێرە تەعبیر لە فەلسەفەیەکە تا سەر ئێسقان مرۆڤایەتی بکات، خۆ ئەگەر ئێمە لێرەشدا بوەستین و راڤەیەکی فەلسەفی بۆ ئەم دێرە بکەین، ئەوا ئەتوانین لە روحانییەتی نێرفاناو بودییەتدا نزیکی بکەینەوە .. بۆ نموونە، بەڵام من پێموایە ئەم راڤە فەلسەفییە لە شعرییەتی ئەو دێرەوە دوورمان ئەخاتەوە و وامان لێئەکات کە شعرێك بکەین بە فەلسەفە، فەلسەفە بەمانا تەنگەکەی ئەو پەیڤە، کە دیاریشە رەخنەی کوردی هەمیشە لە مانا تەنگەکانی فەلسەفەوە جۆرێك لە شانازییەکی هزری ئەبینێتەوە، کە من پێموایە ئەو زادەی تێنەگەیشتنە لە ئەرکە قورسەکانی شعر و ئاسانکردنەوەیەتی بۆ مانایەك کە لە فەلسەفەوە بەرهەم دێت، بەڵام من پێموایە پێویستە و رەخنەی شعریش ئەوە کە بتوانێت لە روحی شعرییانەی شعر نزیك ببێتەوە نەوەك شعرمان بۆ بکات بە فەلسەفە.

دیاره ئەم دێره کە کەم وێنەیە لە شعردا و ڕەنگە زەحمەت بێت کە ئێمە زیاتر وەك شعر بیخوێنینەوە نەوەك وەك دیرێکی فەلسەفی یان هەتا وەك فەلسەفەیەکی روحانیش ئەوە ئەگەر نەڵێم وەك دین.

ئەگەر ڕاڤەیەکی سەرەتایی بکەین، ڕەنگە بڵێین کە مێش ئەو زیندەوەرە بێزەوەرەیە لە یادەوەریی ئێمەی مرۆڤدا، کە دیسانەوەش ئەو هەست و ئەو هزر و ئەو سۆزانەی بارگاوین بەدین و سیاسەت و فکر و تێگەیشتنەکانمان وایکردووە کە ئێمە ئەو زیندەورە بە پیس و پۆخڵ بیبینین و بە جۆرەها شێوە هەوڵی کوشتنی بدەین و تەنانەت کوشتنی ئەم زیندەوەرە وەك پێویستییەکی ژیانی مرۆڤانەش تەماشا کەین.. با لێرەدا پرسیار بکەین و بڵێین بۆ ئێمە وەك مرۆڤ ئەوەندە دڵرەقین لە ئاست مێشدا..؟ بۆ ئەو ناسنامە یەقینی و حازر بەدەستەمان داوەتە مێش کە پیسە و ئەبێت بکوژرێت و لە ژیان و ئێمەدا دوور بێت..؟ باشە دینێك کە سەرتاپای دونیا و ژیانی ئێمەی تەنیوە بۆ نەیتوانیوە ئەو رۆحەمان لە ناو بچێنێت تا نەیکوژین ..؟ بۆ زانستێك وای نەکردووە بەسکات لە بەرهەمهێنانی ( بف باف ) و جۆرەها کیمیا بۆ کوشتنی..؟ بۆ هزری ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی تەبایی لەگەل مێشدا پەیدا بکات .؟ بۆ فەلسەفەیەك نەیتوانی لەگەڵ مێشدا ئاشتمان بکاتەوە و خۆشمان بوێت..؟

کەچی هەندرێن بە دەربازبوون لەو هەموو بنەما و مانای ئەو بنەمایانە بۆ مێش دێت و پێمان ئەڵێت ئەو مرۆڤەی مێشی خۆش بوێت رۆحی لە گوڵە..، لێرەدا نوێخوازی لە سیستەمی هزری هەندرێندا هەموو تخوبە هزرییەکانی بەزاندووە و بە قسەوە روانینێکی نوێ و تەماتشایەکی نوێمان ئەداتێ بۆ مێش و روحی مرۆڤ و تەماسێکی ئەوەندە قوڵیشمان نیشان ئەدات لە نێوان مرۆڤ و گوڵ و ماناکانی نێوانیان یان مرۆڤ و مێش و ماناکانی نێوانیان و پەیوەندی گوڵ و مێش و مانای نێوانیان و پەیوەندی مرۆڤیش بە زیندەوەرەکان و کاریگەری و ماناکانی ئەو پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤ و ژیاندا یان مرۆڤ و هەبووندا بە شێوەیەکی گشتی.

لێرەدا با ئەوە بڵێین باشە بۆ ئێمە رۆحمان نابێت بەگوڵ..؟ تا مێشمان خۆشبوێت..؟ ئایا تەنیا لەبەر ئەوە پێویستە کە روحمان لە گوڵ بێت بۆ ئەوەی مێشمان خۆش بوێت..؟ یان هەندرێن ئەیوێ بەم شعرەوە بێت و هەزاران پرسیاری دیکەمان بۆ دروست بکات و پێمان بڵێ ئەی مرۆڤ هزر بکە ئەگەر مرۆڤ روحی لە گوڵ بوو .. ئەو کاتە ئەبێت پێشبینی چ دنابییەك بکەین..؟ وێنای چ هەبوونێکی ژیاندۆستانە و مرۆڤدۆستانە و جوانیدۆستانە و هەزار و یەك وەسفی دیکەی ژیانبەخش بکەین..؟

من پێموایە نە دین و نە فەلسەفەش و نەهزریش ناتوانن بە راڤەکانیان کە هەر یەکەیان ئەیانەوێ ئەو دێرە شعرە را پێی ناو دونیای خۆی بکات بتوانێ دەستەمۆی بکات و بڵێت هەقیقەتی ئەو دێرە شعرە وا لە لای من.

ئەگەرچی هەمووشیان ئەتوانن پرسیار دروست بکەن و راڤەیەك پێشکەش بکەن لەسەری ، بەڵام شعرییەتی ئەو دێرە لێرەوە دێت کە هیٚ کایەیەك ناتوانێت هەقیقەتی ئەو دێرە پاوان کات و بڵێت هی منە..؟ چونکە شعرەکە پڕە لە شعرییەت و تەنیا و تەنیا ئەتوانێ بە ئیرادەی خۆی بچێتەوە ناو دونیای خۆرستی خۆی کە ئەویش شعرە، لەوێوەش بۆ ئەبەد مانای نوێ و راڤەی نوێی شعرییانە بۆ خۆی تۆمار بکات و نمایش بکات.

کایەکانی دیکەش تەنیا ئەتوانن لەدەرەوەی هەقیقەتی ئەو دێرە وە پەیوەندی لەگەل بکەن و ماناکانی خۆیان بەرهەم بێنن، نەوەك مانا شعرییەکانی ئەو دێرە.

واتە ئێمە ئەتوانین مانای سیاسی و دینی و هزری و فەلسەفی بەو دێرە بدەین، بەڵام ناتوانین بڵێن ئەمە دواهەمین مانای ئەو دێرەیە، خۆشی و جوانی شعرییەتیش ئەها ئەلێرەدا یە کە هیٚ کایەك ناتوانێت بیخاتە ژێر دەسەڵاتی ماناکانی خۆی.

**شعر و ڕووداو**

دیاره شعرەکانی هەندرێن ئەگەر هەموویان نەبن، ئەوە زۆربەیان ڤالان لە ڕووداو ، واتە بنیاتی شعرەکان لەسەر ڕووداوێکی مێژوویی یان ڕۆژانی هی مللەتێك یان هی خۆی بنیاد نەناوە، واتە هەندرێن لە ساتێکدا بۆنمونە.. ژنێکی هەژاری برسی نەدیووە پێی داخبار بێت و بچێتەوە ماڵەوە شعرێکی لەسەر بنووسێت.

بنیاتی شعری لای هەندرێن زیاتر ئەو ڕوحەیە کە لەسەرەوە تۆزێك باسم کرد، نەوەك ڕووداو، واتە هەندرێن تەنیا چاوەڕێی ئەوەناکات کارەستێك بقەومێت و شعرێکی لەسەر بنووسێت، واتە شعرەکان ئەو شعرانە نین کە ڕووداوێکی دیار و ئاشکرای لە پشتەوە ڕاوەستابێت، بەڵکو زیاتر شعرەکان زادەی ئەو ساتانەن کە هەندرێن شعرییانە ژیان ئەکات و تەماشای دونیا و مرۆڤ و خۆی و خوا و ئازادی و چەمکەکانی ژیان ئەکات، شعرەکانیش بیرکردنەوەی ئەو ساتانەن کە ڕوح تیایدا توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش ببێتە بنیات و هەندرێن لەوێوە دیتنەکانی بنووسێتەوە، واتە لەو ساتە شعرییەدا کا ئەو دیتنە چی نیشان ئەدات دێت ئەو شتانە ئەنووسێتەوە.

واتە ئەگەر شعر نووسین خۆنووسینەوە بێت کە زۆر لە شاعیران باوەڕیان پێی هەیە، ئەوا من پێم وایە شعر نووسین نووسینەوەی ئەو ساتانەیە کە ڕوح تیایدا ئەتوانێت پێشبەرییەکانی خۆی لە ساتێکی گەشانەوەدا بنووسێتەوە، واتە شعر نووسینەوەی ساتە گەشەکانی ڕۆحە، ئەو ڕۆحەی کە لەو ساتانەدا لە دین و دونیا دەرئەچێت و غەرقی گەشانەوەی خۆی ئەبێت، ئەو ساتانەش دیارە هەر جارێکە و بە شێوەیەکی جیاوازتر یان چڕ تر دەرئەکەون و ڕۆشنایی ئەو ساتانەش لە شعرێکەوە بۆ شعرێکی دیکە جیاواز ئەبن، واتە ئەوەی بە ئەزموونی جیاوازی شاعرەکان ئەناسرێت جیاوازی درەوشانەوەی ئەو ڕوحەیە لە ناو خۆیدا لە ساتی گەشانەوەیدا، ئەکرێت شعرێك زۆر گەش بێت و تا ئەوپەڕی دەرچوون لە دەسەلاتی مانا دەرچێت و هیٚ ڕووداوێك پێی ڕانەگات، ئەشکرێت ساتێك بێت و گەشانەوەیەك لە ڕووداوێکدا ببێتە تەم و مژ بۆ نموونە،

گرنگ ئەوەیە شعر چەندی لە ڕووداوێکی ڕۆژانی یان هەتا کاریگەریی ڕاستەوخۆی مێژووەوە دووربێت ئەوا زیاتر شاعری ئەبێت، واتە نە ڕووداو و نە مێژوو نەتوانن ئەو ساتە گەشانە لەناو خۆیاندا فەنا بکەن. بەڵکو ڕێك ئەبێت کردارەکە پێەوانە بێت و شعرییەتەکە ڕووداو و مێژووەکان لە ناو خۆیدا فەنا بکات.

دیارە لە شعرەکانی هەندرێندا ڕووداو و مێژوو لە ناو شعرییەتی ساتە گەشەکانی ڕۆحدا فەنابوون و شوێنەورای ڕوون و ئاشکرای شعرەکان دیار نین، ئەوەش دیسانەوە بەڵگەی ئەوەیە کە هەندرێن زیاتر ڕامان و هزر و هەست و سۆزەکانی خۆی لە کەشوهەوای تایبەتی خۆیدا ئەیانکا بە شعر ، کە تیایدا ئەتوانێت مانای ڕووداوەکان لە کایە جیاجیاکانەوە بکا بە شعر.هەر بۆ نموونە لە شعری تێکەڵبوون دا ئەڵێت:

( نامەویٚ ئەمشە و ماچ بدەمە مانگ
هەر وەکو ئەمرۆ نەمهێشت خۆر تێکەڵم بێت
........
....
سەرخۆشانە تەئەمول ئەکەم و
تۆش لە مندا شەڕابانە ئەتوێیتەوە )

لێرەدا دیارە هەندۆ باس لە شەوێك و ڕۆژێك ئەکات، بەڵام دیسانەوەش ئەو ڕۆژ و ئەو شەوە نابنە مێژوویەك یا ڕووداوێك بۆ لەدایکبوونی شعرەکە . ئەمشە و یان ئەمرۆ لەزەمەنی شعرەکەدا ناتوانرێت بە مێژوویەکی دیاریکراو

دەست نیشان بکرێت. بەڵکو زیاتر شەوێکە بۆ ئەبەد و لەهەر راڤەیەکدا وەك رەمزێکی زەمەنی بێ کۆتا تەماشای ئەکرێت و رەوشی سەرخۆشییەکەش دیسانەوە رەوشێکە بۆ کۆتا بەردەوام و ناکرێت ئەم رەوشە بە رووداوێکی تایبەتی مێژوویەکی دابنێین و بیبەستینەوە بە مانایەك وەك ئاماژە بۆ ئەو مێژووە یان ئەو رووداوە، وەك چۆن ناکرێت زەمەنەکەش بکەینە ئاماژە بۆ مانایەکی شعرەکە. شعرییەتی ئەو دێرانە لێرەدا لەوەدان کە توانیویانە هونەرییانە رووداوەکان را پێی ناو مانا تایبەتەکانی شعر بکرێن و رەوش و دەمی کردارێك بن بە شعر نەوەك مێژوو.

واتە سەرخان لە شعرەکانی هەندرێندا لایەنە هونەرییەکانی ئەو ساتانەن کە روح تیایدا درەوشاوەتەوە، بنخانی شعرەکانیش ئەورووحییەتی ئەو ساتانەیە کە رامان و تێفکرینەکانی هەندرێن ئە پێنەوە.

واتە هەندرێن خاوەنی هەم سەرخانێکی پڕە لە خۆنووسینەوە، و هەروەها بنخانی شعرەکانیشی پڕن لە بنکەیەکی هزری و رامانکار کە لە ساتە گەشەکان روحدا ئەیانووسێتەوە.

خۆ دیارە هەندرێن و زۆر شاعری دیکەش ئەتوانن بەرهەمی دیکە جگە لە شعر بنووسن و باس بکەن، بەڵام وەك رەخنە یان لێکۆڵینەوە یان هەر جۆرێکی دیکەی نووسین، لێ لەو ساتانەدا دیارە زیاتر بنیاتێکی هزری یان سیاسی یان فەلسەفی دەستیان ئەگرێت نەوەك بنیاتێکی شعرییانە. بۆیەشە نووسەرانی پەنا ئەبەنە بەر جۆری نووسینی دیکە چونکە لەوێدا زیاتر هزر یان فەلسەفە یان رەخنە پێشبەرییەکانی ئەوان ئەونووسێتەوە، نەوەك شعرییەت بۆیە بەرهەمەکان ئەبنە شتی دی و نابنە شعر ئەگەرچی رەنگە هەمان ئەو شتانەش بڵێنەوە کە ئەوان لە شعرەکانیاندا بە شێوەی شعر باسی ئەکەن.

واتە خۆ بابەتەکانی دیکەش هەر نووسینەوەی نووسەرە، بەڵام چونکە شعر نین ئەوا بە ئاسانی ئەتوانین بابەتەکان ئاشکرا کەین و ماناکانیان بزانین، لە هەقیقەتییان بگەین، بەڵام لە شعردا نووسەر خۆی بە شێوەیەکی دیکە ئەنووسێتەوە ، لەسەر بنیاتێکی دیکە کە شعرییەتە نەوەك شتی دی. بۆیەشە ئاشکراکردنی ئەو بنیاتە زەحمەتتر و خۆشتر و چێژدار ترە.

ئەفیکردنی رووداو و مێژوەکانیش لە ناو شعردا ، زیاتر ماناکانمان لە ناو روحی شاعر و شعرییەتدا نقووم ئەکات.ئەو مانایانەی کە وەك بابەتەکانی دیکە خۆیان نادەن بەدەستەوە و یەقینمان نادەنێ.

خۆ ئەو شعرانەی کە هزر یان فەلسەفە یان هەر بابەتێکی دیکەی جگە لە شعرییەتی بەسەردا زاڵە، ئەوا زیاتر ئەتوانین بڵێین ئەبنە بەرهەمێکی شعری فەلسەفی یان هزری نەوەك شعری ئەدەبی. دیاریشە هەندرێنیش کەم و زۆر وەك زۆربەی شاعیران هەم شعری پڕ لە شعرییەت و هەم شعری پڕ لەمانا و فەلسەفە و بیر نووسیوە. بەڵام دیاریشە شعرییەت تا ئاستێکی باش توانیویەتی لە زۆربەی دێرەکاندا ئامادەبێت و هەم خۆشی و هەم باشی و هەم شعرییەت بە بەرهەمەکان ببەخشێت.

شتێ هەیە..؟

لە دەربەندی روحی تۆدا

ئەشکەوتێکم دەوێ

بەقەد باڵی پەپولە بێ

لەسەحرای چاوە پڕ سەرابیەکانت

ماچی خۆر و زەویم دەوێ

بە هەناسەی گەرمی ناخت

دەست لەملانێی نۆتەکانم و
بە نێو فەزای خۆشەویستیت
شیدەبمەوە
دە لێمگەڕێن
بەجێ گۆرکێی ئەستێرەکان
نهێنی ژین ئاشکراکەم
شتێ هەیە
هێندەی مرۆڤ جوانی هەبێ
گشت جوانیەکان
لە چاوانی تۆدا ئەزێن
شتێ هەیە
وەکو مرۆڤ لەگەورەیی
هەموو شتەکان
لە زاکیرە جێیان ئەبتەوە
دە پێم بلێن
ململانەی خودا و مرۆڤ چ ئەنجامە
دە پێم بلێن
خۆشەویستی چ پێویستی بە پەیامە
سەرم کاسە و
روحم خرۆش
رۆژێ دادێ
لە میحرابە خوا هەلسێنم

96/11/14 هەولێر
مەگیرانی لاپەڕ 19

مەگیرانی
سەری ئاوسم
لەوە گەورەتر بێت بۆم هەلناگیرێ
ئەمە چ کەللە پڕبەنێکی جوانە
ژانەکانی ئەم جارەم
لە هەموو جارێك بە لەزەتترە
وا ئەبینم

ئەم زاینەم
بوونێکی تا هەتاییەی بەدوا وەیە
تا دێ
کەللەم گەورە ئەبێ
لەم ژوورەدا جێی نابتەوە
ئەبێ لە باخچەکان
لە ژێر سێبەری گەلا سەوزەکان
لە باوەشی بۆنە خۆش و کەساسەکان
بیانشارمەوە
ئەو بۆنانەی سالەهایە لە نشتمانی گول دابڕاون
گەورەتر بوونی کەللەم
ئابرۆ چوونە
لەبەر چاوی ئەو نەفامانەی جوانی لە باخچەکان ئەدزن
ئەم ئاوس بوونەم
ئەبێ بدەمە دەست ئەو چۆلەکانەی
شەرم لە خوا ناکەن
لەمەو پێشتر چەندەها جار ئاوس کرام
لە ممارەسە نهێنیەکانی
منی مەکبوت و ژیانی تیاترۆ
کە فێری سەمای دەروێشان بووم
ژیانم ئاوس دەکرد
لە جەستەی ئافرەتێکی شەرمن
کە فێری سەمای پەپولان بووم
ژیانم ئاوس دەکرد
لە جەستەی ئافرەتێکی رووتی شەرمن
کە فێری سەمای ژیان بووم
ژیانم ئاوس دەکرد
لە جەستەی ئافرەتە سۆزانیەکان
کە لە هەموو ئەو سەمایانە بوومەوە
فێری سەمای خۆشەویستی بووم
لە ئاوس بوونی ژیان لە خۆمدا
نهێنیێکە تاکو ئێستا سۆراغی نەکراوە
ئاشکرا بوونی
لە روناکی خۆر ئاسانترە

کەسێ نیە
لە پەناوە بۆی نەچتە ژوان
کەسێ نیە
بە ئاگایی و بە بێ ئاگا
ئاوس نەبووبێ لێی
وەرن
سەیری شعرەکان بکەن
سەیری چیرۆك و رۆمانەکان بکەن
سەیری کۆر و کۆشك و ئەشکەوتەکان بکەن
سەیری مێژووی مرۆڤایەتی
لە رابردوو و ئێستا بکەن
جا ئەبینن
ملیارەها کەللەی ئاوس
کۆرپەکانیان لە بار چووە
ملیارەهاش لەگەل زاین خۆی مردووە
گەر لێرەوە دیقەت بدەن
لە میحرابی کاهینەکان
لە میمبەری پێغەمبەران
چاك ئەبینن
سەرە بێ لاشەکان چۆن ئاوسن
وەرنە ژوورێ لە دەرگا داخراوەکان
تا ببینن
چاو چۆن ئەزێ
گوێ چۆن ئەزێ
لێو چۆن ئەزێ
لوت چۆن ئەزێ
زمان چۆن ئەزێ
خانەکانی لەشی مرۆڤ ج زاینێکی جوانیان هەیە
وەرنە ژوورێ
لە دەلاقەی ژوورە تاریکەکان
تا ئازاد بکەن روحی خۆتان
لەگەل سەمای ئەو مشکانەی
نان تەنیا بۆ ژیان ئەدزن
وەرن

لە كۆڕی خۆشەویستی
خۆتان لە چاوی شعر بخوێنەوە
بن بە خواردنەوەی ئەو حەزانەی ئەتانژێنن
لە ناو خۆتان مەلەبیێكی ئازاد بكەن
بۆ كردنەوەی ئەو گرێیانەی دایانخستوون
من لە ژانەكانی ئەم مندال بوونەم
خۆم ئەدۆزمەوە
ئەم كەللە پڕیەم لە ئاوس بوونێكی ئاسایی ناكا
ئەم زاینەم
لە بوونی هیَ زاینێك ناكا
كیَ ئەزانیَ
كیَ ئاوسی كردم
كیَ ئەزانیَ
لە ناو كیَدا ئاوسكرام
پرسیارێكە
من هەر ئەوەندی لیَ ئەزانم
مەگیرانی
بۆ ماچەكانی خۆشەویستم ئەكەم
99/8/18 دیمەشق

لە كتێبی مەگیرانی لاپەڕە 61

هەناسەی خواوەند
مریەمی جەستەمی پڕ كرد
حەزە عیساییەكان
بوونە كۆرپەی سندوقی ترس
بە روبارە نهێنیكان
كرانەوە

لەبەر دەم باوکی کاهینت
دایکی رەبەنت
ئەو حەزانەی
لەشیان  لە روح جیاکرایەوە
لە ژێر دەستی
فیرعونی راڕایی
روحە  پیرۆزەکان
لە ئاسمانی خەونەکانم
ئۆقرە ئەگرن
ئۆقرە ئەگرن
تا خۆری چاوەکانت
بکەن
بەمەجەڕە
مەجەڕەی
مەجەڕە بوون

96/6/21

لە سەردابی  خەونە نارنجیەکان
جەستەم بۆتە
تالە  مووی
پەنچە هەلوەریوەکانی خۆر
جەرمەسەی چرپاندنی چرپە
روحی کردووم
بە کانیلەی لیکاوی ئەجندەکان
شەڕی شەیتان لەگەل خواوەند
لەسەر ماچی خۆر و زەویە
کونەکانی ژێر دەریا بیٚ بنەکان
حەزەکانم ئەخەسێنن
ماسیەکانی لەشم
لە دەست بازی و
ماچ و موچ و
هەلگوشین و هەلمژینی یێك  بێزارن
چوونە ژوورم لەم دەرگایە

سیڕەی
لە خەو ڕاچڤرینی
مریەمی دایکی عیسایە
خۆر
سوتانی لە تاو گەیشتنە بە دلی ئادەم
حەواش
لالاییێکی رەش هەلگەڕاوە
لە دەلاقەی چۆکی ئادەم
ئەو دەمە نا
ساتێکیتر
ورد و خاشە
تێڕوانین لە پە نجەرە
فلیمی سینەمایە
کونی ژوورەکانی بوك و زاوا
جیگای سەمای قالۆچانە
ئاوخواردنەوەی چاوە تێنوەکانە
دەرگا داخراوەکان
شەرمەزارین
ئەوەی کوندە پە پۆی خۆشنەوێ
تامی شەوی نەکردووە
لە ناو چاوی ریشۆلەدا
روناکی بوون
لە رەشیە
دیسان سەرداب
گۆرە پانی غارغارانێی مارمیلۆقان
شانۆی سەمای سیسرکانە
باخی لێك ئالان و
فەزای
تێکەلبوونی
هەناسەکان

96/11/25